گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: 10.26750/shv68824

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 22/11/2023
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 11/01/2024
ڕێـکەوتی بڵاو کردنەوە: 29/08/2025

# پرۆسەی گیرەکلکاندن لە زمانی کوردیدا بەپێی تیۆری مۆرفۆلۆژیی لێکسیکی

**هاوکار عمر خضر[1] - دلێر سادق کانەبی[2]**

diler.kanaby@soran.edu.iq - hawkar.khidhir@soran.edu.iq

[1] بەشی کوردی، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2] بەشی کوردی، فاکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

زمانی کوردی زیاتر وەک پۆلی زمانە لکاو و تێکچڕژاوەکان هەڵسوکەوت دەکات، کە تێیدا گیرەک ڕۆڵێکی سەرەکی لە پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکاندا دەگێڕێت. لە زماندا دەشێت گیرەک گۆڕانی فۆنۆلۆژی بەسەر بنکەدا بهێنێت؛ یاخود پێکهاتەی وشەکە بەپێی پرۆسەیەکی یاسامەندی دروست نەبوبێ. ئەمانە کێشەی هەندێ لەتیۆرەکانی پێشون لەشیکردنەوەی وشەدا. بەڵام ئەم تیۆرە، کە تیۆرێکی وشەبناغەیە، دەتوانێت ئەمانەش بەپێی نەخشە (Schema) ڕۆنانییەکان ڕونبکاتەوە. گیرەکەکان بەپێی کاریگەریی فۆنۆلۆژیان لەسەر بنکەکان، دەکرێن بە دو پۆل: (گیرەکی لایەنگر) و (گیرەکی بێلایەن). ئەمانە بەپێی تایبەتمەندیی هاوبەشیان لە یەک جێکەوتەی ڕۆنانی کۆدەبنەوە و دەکەونە چینێکی فەرهەنگییەوە. ڕیزبەندیی پرۆسەکانی گیرەکلکاندنیش، بەپێی ڕیزبونی چینە فەرهەنگییەکانە.

(پاشگرە دارێژەکان) لە زمانی کوردیدا گیرەکی لایەنگرن، واتە کاریگەری دروستدەکەن و جێکەوتەی هێزی سەرەکیی وشەکە دەگۆڕن، لە چینی یەکەمی فەرهەنگیدا دێن؛ بەڵام (پێشگرە دارێژەکان) هێزبەرنین و کاریگەریان لەسەر بنکە نییە و نایگۆڕن، بۆیە لە چینی دوەمی فەرهەنگیدا دێن؛ کەواتە جێکەوتەی هێز لە زمانی کوردیدا دەکەوێتە کۆتایی وشە فەرهەنگییەکان.

**کلیلەوشەکان:** مۆرفۆلۆژی فەرهەنگی، گیرەک، لایەنگر، بێلایەن، چین

# The Process of Affixation in Kurdish Language in Phonological, Morphological and Lexical Theory

Hawkar Omer Khidhir1 - Dler Sadiq Kanaby2

[1]Kurdish Department, Faculty of Education, Soran university, Soran Kurdistan Region, Iraq.

[2]Kurdish Department, Faculty of Arts, Soran university, Soran Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

Kurdish is one of the agglutinative languages in which affixes play a great role in the morphological processes. In language, affixes can make phonological variations to bases, or they can change the structure of a word that has not been formed according to a rule-based process. These issues belong to some of the former theories in words analysis. However, this theory can analyze these variations according to schemas. Affixes, with phonological impact on bases, are categorized into two groups (partial affix) and (neutral affix). Due to their shared characteristics, they are found in a specific structural position and placed into a lexical level. The order of the processes of inflectional affixes is set according to the sequences of lexical levels.

In Kurdish, (derivational suffixes) are categorized as partial affixes; that is, they are effective and change the position of main power of words that occur in the first lexical level; (derivational prefixes), however, are not effective and cannot change the bases, and they occur in the second lexical level. Thus, in Kurdish, the position of power can occur at the end of the lexical words.

**Keywords**: lexical Morphology, Affix, Natural, Nonnatural, Strata.

## پێشەکی

له تیۆری فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژیی لێکسیکی پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژیدا هەیە. پرۆسە مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژییەکان بەیەکەوە ڕودەدەن لەناو چینە فەرهەنگییەکاندا. گیرەکەکان لەسەر بنەمای توانای گۆڕینی بنکەکانیان، دابەشدەبن بۆ گیرەکی لایەنگر(ناسروشتی)و بێلایەن(سروشتی)ەکان. هەر بەپێی ئەم بنەمایەش، ئەم دو پۆلە گیرەکە لەناو فەرهەنگدا دەکەونە چینی جیاوازەوە.

گرنگیی بابەتەکە:

ئەم تیۆرە شێوەیەکی دیکەی هەڵسەنگاندنی پرۆسەکانی گیرەکلکاندن و دەستنیشانکردنی جێکەوتەی ڕۆنانی گیرەکەکانە. هەوڵدراوە هەمو گیرەکەکانی زمانی کوردی لێکبدرێتەوە و پۆلەکانیان دیاریبکرێ. بەپێی تایبەتمەندیی پۆلەکانیش جێکەوتەی فەرهەنگییان خراوەتەڕو.

سنور و ڕێباز توێژینەوەکە:

سنوری توێژینەوەکە دەکەوێتە چوارچێوەی مۆرفۆلۆژی و داتاکانیشی لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی وەرگیراوە. ئەم توێژینەوەیە بەپێی ڕێبازی وەسفی ئەنجامدراوە، پرۆسەکانی گیرەکلکاندن بەپێی تیۆری فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژیی لێکسیکیی مۆدێلەکەی کیپارسکی (1982 B) لێکدراوەتەوە، کە تیۆرێکی وشەبناغەیە.

## ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا جگە لە پوختە و پێشەکی، ئەم توێژینەوەیە لە دو تەوەر پێکهاتوە، لە تەوەری یەکەمدا زاراوە و چەمکی گیرەک باسکراوە ئینجا پرۆسەکانی گیرەکلکاندن و پۆلێنکردنیان بەپێی ئەرکەکانیان لە ڕۆناندا پۆلدەکرێن. دواتر هێز وەک کەرەستەیەکی سەروسەگمێنتی شیکراوەتەوە. لە تەوەری دوەم لەدەستپێک تیۆری فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژیی لێکسیکی و مۆدێلی (Kiparsky 1982 B) بەوردی شیکراوەتەوە، ئینجا باس لە زمانی کوردی دەکرێ بەپێی ئەم تیۆرە بەشێوەی گریمانەیی گیرەکەکان و پۆلکردنیان دەخرێتەڕو دواتر چینەکانی فەرهەنگی و ڕیزبونی گیرەکەکان لەناو پرۆسە ڕۆنانییەکاندا باسکراوە؛ لە کۆتاییشدا ڕیزبەندیی گیرەکەکان لە پرۆسەی ڕۆنانی لێکسیکیی زمانی کوردیدا خراونەتەڕو، لە کۆتاییشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکانی توێژینەوەکە خراونەتەڕو.

## تەوەرەی یەکەم

## گیرەک و گیرەکلکاندن

### ١-١: زاراوەی گیرەک

لە زمانی کوردیدا جگەلە (گیرەک)، زاراوەی (ئەفیکس)ی ئینگلیزیشی بۆ بەکاردەهێنرێت، کە لە (affīxus)ی لاتینییەوە، بەشێوەی (affixe) چوەتە ناو زمانی فەرەنسی و لە زمانی ئینگلیزیشدا بوە بە (Affix)(Affix Definition & Meaning - Merriam-Webster25/9/2023). ئەمەش زیاتر بەواتای لکان دێت.

### ١-٢: چەمکی گیرەک (Affix)

گیرەکەکان جێکەوتەیان لە ئاستی فەرهەنگیدایە، ئەرکی جیاواز دەبینن. بەم شێوەیە پێناسەکراون:

- ئەو بەشە ناسەربەخۆیەیە، کە بۆ دەرکەوتن پێویستیی بە بناغەیە (کەڕەمی، ١٣٩٦: ١٢).
- ئەو مۆرفیمە بەندەیە، کە بەشێوەی سەربەست دەرناکەوێت و بەتەنیا واتا نابەخشێت (محمد، ٢٠١٩: ٧٢).
- گیرەک بە وشەیەک، یان بە بەشی سەرەکیی وشەیەکەوە دەلکێت، بەزۆری واتایەکی ئەبستراکتی هەیە و بەتەنیا بەکارنایێت (Haspelmath & Sims, 2010: 19).

دەشێت چەمکی گیرەک بەم شێوەیە ڕونبکەینەوە:

- مۆرفیمێکی بەندە و بەشێوەی سەربەخۆ دەرناکەوێت.
- بەتەنیا دەنابردرێ، چونکە واتا نابەخشێ.

### ١-٣: پرۆسەی گیرەکلکاندن (Affixation)

کوردی لەو زمانانەیە، کە کەوتوەتە نێوان زمانە لکاو (Agglutinative) و زمانە تێکچڕژاوەکان (incorporating) (فتاح و قادر، ٢٠٠٦: ٤٨). ئەو زمانانە بەوە دەناسرێنەوە، کە گیرەکەکان ڕۆڵی سەرەکییان لە ڕۆنانی وشە و گەردانکردندا هەیە. هەرچەندە مۆرفیمی سەربەخۆ ژمارەیان لە زماندا زۆرە، بەڵام بەتەنیا ناتوانن پێداویستییەکانی

زمان پڕبکەنەوە (حسین، ٢٠٢٣: ٢٨). گیرەکلکاندن لایەنێکی گرنگی پرۆسەکان پێکدەهێنێت، بابەتێکی هەرە گرنگی زمانەوانیی نوێیە.

گیرەکلکاندن پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژییە بەزیادکردنی گیرەک بۆ بنکەیەک دروستدەبێت، تێیدا وشەیەک دادەڕێژرێت یان گەردانەدەکرێت (Crystal, 2008: 16).

بەم پێیە، گیرەکەکان بەشێوەی جیاجیا پۆلێندەکرێن. یەکێک لەوانە، پۆلێنبەندییانە بەپێی جێکەوتەیان، کە لە پێش و دوای بنکەکانەوە دێن، بەم شێوەیە:

- [Z [X]R ]W
- [[X]R Y]W

گیرەکەکان بەم شێوەیە بەکارهاتون: لێرەدا (R) بنکەیەکە، کە دەشێت ڕەگ یان وشەیەک بێت لە جێکەوتەی (X)دا؛ هەرچی (Z) و (Y) دەبن بە گیرەک، کاتێک لەپێش و دوای بنکەکەوە دێن؛ بەمەش (W) دەبێتە وشەیەکی داڕێژراو. بە نمونە:

- [[جێ]N گا] N
- [[جوان]ADJ تر]ADJ
- [دا[هێن]V]N
- [دە[چو]V]V

لەم نمونانەی سەرەوەدا، هەریەک لە گیرەکەکانی (گا، تر، دا، دە) کاتێک لە فەرهەنگدا دێن یان وشەیەکی نوێ سازدەکەن یانیش ئەرکی ڕێزمانی بنکەکە دەگۆڕن. گیرەکەکانیش بەپێی ئەو ئەرکەی لە ڕێزماندا دەیگێڕن، دەکرێن بە (گیرەکە داڕێژەکان) و (گیرەکە گەردانییەکان)[i] ئەم شێوەیە:

## ١-٣-١: گیرەکە داڕێژەکان (Derivational morpheme):

ئەو گیرەکانەن کە دەچنەسەر بنکەیەک، وشەی نوێ سازدەکەن. (Delahunty and Garvey, 2010: 129) وەك لە:

- [[توک]N ن]ADJ
- [بە[هێز]N]ADJ

ئەم گیرەکانە، کە دەچنەسەر بنکەیەک، وشەیەکی نوێ بە واتایەکی جیاواز لە فەرهەنگی زمانەکەدا دادەڕێژێت.

## ١-٣-٢: گیرەکە گەردانییەکان (Inflexional morpheme)

ئەو گیرەکانەن، کە دەچنە سەر بنکەیەک واتا بنەڕەتییەکەی ناگۆڕن، بەڵام دۆخێکی تازەی پێ دەبەخشێت (ڕەسول و عزیز، ١٣٩٨: ٢٥١). ئەم جۆرەیان تەنیا واتای ڕێزمانی دەگۆڕن، نەک واتای چەمکی بنکەکە. ئەم پرۆسەیە بە وشەنەگۆڕ یان ڕێزمانیش ناودەبرێت. وەک لە:

- [[کوڕ]N ە]N
- [[پاک]ADJ ترین]ADJ

ئەم گیرەکانە بەوە لە گیرەکە داڕێژەکان جیادەکرێنەوە، کە واتای بنەڕەتیی بنکەکە ناگۆڕێت و باری ڕێزمانیی وشەکە دەردەخەن. لە وشەی (کوڕ)دا گیرەکی (-ە) واتای بنەڕەتیی بنکەکەی نەگۆڕیوە، بەڵکو باری ڕێزمانیی وشەکەی بۆ دۆخی (بانگکردن) گۆڕیوە. لە ئاوەڵناوی (پاک)یشدا، گیرەکەکە تەنیا واتای ڕێزمانیی ئاوەڵناوەکەی بۆ پلەیەکی بەرزتر گۆڕیوە. هەرچی (نوسەک)یشە، ئەوا جیاوازن و لە چینی پاش فەرهەنگیدا دێن، وەک:

- باخچە + یەک ← باخچەیەک
- خانو+ ەکە ← خانوەکە
- منداڵ + ان ← منداڵان

ئەم جۆرە مۆرفیمە بەندە گەردانییانە دەبن بە دو بەش: بەشێکیان دەبن بە گیرەک و جێکەوتەیان لە ئاستی فەرهەنگیدایە. بەشەکەی دیکەیان دەبن بە نوسەک. نوسەکەکان جێکەوتەیان لە ئاستی دوای فەرهەنگیدایە. دەچنە سەر وشە بۆ دەربڕینی پەیوەندیی نێوان وشەکان لە چوارچێوەی ڕستەدا (ئەمین، ٢٠٠٩: ١٢٠). ئەمەش یەکێک لەو لایەنانەیە، کە نوسەکەکان لە گیرەکەکان جیادەکاتەوە.[ii]

## ١-٤: هێز (Stress)

چەمکێکی زمانییە بۆ کەرەستەیەکی ناکەرتی (Non segmental)، کە لە چەند ئاستێکی زماندا دەردەکەوێت، هیچ نیشانەیەکی لە ڕێنوسدا نییە. بە بڕوای (کریستال)، هێز بەکارهێنانی ڕێژەیەکی زیاتری وزەیە لەسەر یەکێک لە برگەکانی وشەیەک لە کاتی درکاندندا، ئەو برگەیەش دەرکەوتوترە، کە هێزدارە (Crystal, 2008: 258).

ڕۆڵی ئەم کەرەستە ناکەرتییە لە هەمو زمانەکاندا وەکیەک نییە، لە هەندێك زماندا دەشێت چالاک بێت و ڕۆڵی فۆنیم ببینێت (عەلی و عەبدواللا، ٢٠١٩: ١٥٤) بەڵام لە هەندێك زماندا ڕۆڵی فۆنیم ناگێڕێت.

هێز مەیدانی بەکارهێنانی فراوانە و لە ئاستێکی زمانیدا سنوردار ناکرێت. هەر بۆیە زمانەوانەکان بۆچونی جیاوازیان لەبارەی جێکەوتەی هێزەوە هەیە. لە زمانی کوردیدا تێکەڵاوییەک لە جێکەوتەی هێز لە ناو ئاستەکانی زماندا کراوە. بۆیە جێکەوتەی قورسایی خستنەسەر لەنێو برگەکانی وشەکاندا ئاڵۆزدەبێت، بەتایبەت لە کاتی جیاکردنەوەی لە ئاستەکانی فەرهەنگی و پاش فەرهەنگی، لە تاکە وشە و مۆرفۆسینتاکسدا.

جێکەوتەی هێزی سەرەکی لە زمانی کوردیدا: لە وشەی سادەی فەرهەنگی (یەک برگە و فرەبرگە)دا لەسەر دوا برگەیە (غریب، ٢٠١٩: ١١٨-١٢٤). جێکەوتەی هێز تیایاندا بەم شێوەیە؛

- سـ'ور، سـ'یر....
- ئەو'ان، زاز'ا....
- داهات'و، تەقاند'ن....

لە زمانی کوردیدا، هێز لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا جێکەوتەکەی جێگیرە. بڕوانە (مەحوی، ٢٠١٦) و (غریب، ٢٠١٩) بەڵام دەشێت لە ئاستی سینتاکسدا، جێکەوتەی جیاوازیی هەبێت. (زمانەوانان کۆکن لە سەر ئەوەی کە یاساکانی دانانی هێز لە وشە لێکسیکییەکانی سادە و مۆرفۆلۆژی بە جیاو تاکوتەنیایی جێبەجێ دەبێ، لە سینتاکسدا هەر بەجیا بە سەر ئەو پێکهاتانە جێبەجێ دەبێ.) (مەحوی، ٢٠١٦: ١٥٦)

# تەوەری دوەم
# مۆرفۆلۆژی لێکسیکی

## ۲-۱: مۆرفۆلۆژیی لێکسیکی (Lexical Morphology)

کیپارسکی بە دامەرزرێنەری تیۆری فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژیی لێکسیکی دادەنرێ. (Jensen, 1985: 71) گرنگی بە ڕۆنانی وشە و دەربرینە زمانییەکان دەدات. پرۆسە فۆنۆلۆژییەکانیان بەپێی چۆنیەتیی کارلێککردنی یەکە ڕۆنانییەکان ڕوندەکاتەوە. لێرەدا ئەمە دەبێتە بنەمای لێکدانەوە و پۆلێنی پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان.
گریمانەی ئەوە دەکرێت، کە وشە (لێکسیم) ڕۆنانی ناوەکیی هەیە و ڕیزبونی لیستێکی مۆرفیم نییە، بەڵکو ڕۆنانێکی فەرهەنگیی پلەبەندانەی هەیە (Mohanan, 1982: 16). لێرەدا وشە (سەرە) دەبێتە دەروازەی فەرهەنگی، لە بۆچونی دەروازە فەرهەنگییەکانیشدا هیچ یاسا و مۆرفیمێك نامێنێت، وشە بە یەک یەکە لە دەروازەی فەرهەنگیدا دەردەکەوێت (Haspalmath & Sims, 2010: 43). واتە، دابەشکردنی وشە بەسەر کەرەستە پێکهێنەکانی و ڕیزکردنی مۆرفیمەکان نییە لە وشەڕۆناندا.
دەروازە فەرهەنگییەکان لەناو پرۆسە ڕۆنانییەکان (دارشتن و گەردانکردن)دا، بەشێوەیەکن، کە یاسا مۆرفۆلۆژییەکان بەناو یاسا فۆنۆلۆژییەکان تێدەپەڕن، تا وشەیەکی نوێ بەرهەمبهێنن (McMahon, 2000: 5). بەمەش مۆرفۆلۆژی، تایبەتمەندیی وشەکان و زانیارییە فۆنۆلۆژییەکانی دەربڕین، بەپێی بنەمای واتایی وشەکە دەخاتەڕو.
لەم تیۆرەدا، کە مۆدێلێکی مۆرفۆلۆژیی وشە بناغەیە، پرۆسە ڕۆنانییەکانی مۆرفۆلۆژی چینچینن. ئاماژەیە بۆ سیستەمێکی هزری، کە لە ڕۆنانی وشە لە فەرهەنگدا بەشدارە.[iii] ئاستێکی سەربەخۆ لە فەرهەنگدا دەنوێنێت.
لێرەدا مۆرفۆلۆژیی فەرهەنگی، لە بنەڕەتدا بریتییە لە خستنەڕوی پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان، کە پەیوەندییان بە شێوازی بێژەکردنی وشەکانەوە هەیە، لە هەمان کاتیشدا ئاماژەیە بۆ پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان. واتە، لە پرۆسە ڕۆنانییەکاندا، پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان ئاستەکاندا هەیە.
کارلێکی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی لە فەرهەنگدا، لەناو چەند چینێکدا دروستدەبێت. بەشێوەیەک، کە دیارکردنی چینە فەرهەنگییەکان بەپێی بنەمای توانا و کاریگەریی فۆنۆلۆژییانەی یەکە ڕۆنانییەکانە. کەواتە ئەم مۆدێلە هەوڵی چارەسەری کێشە مۆرفۆلۆژییەکانی پێش خۆی دەدات، ئەویش بە ڕوانینێکی فۆنۆلۆژییانە بۆ پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان.
بۆیە فۆنۆلۆژی دەبێتە دەرەچەیەک و دەمانگەیێنێتە ڕاستییەک، کە دەتوانێت پێکهاتەی وشە لە مۆرفۆلۆژیدا ڕونبکاتەوە (Aronoff, 1976: 30). ئەم تیۆرە لە بۆچونەکانی پێشوتر جیاوازە، تەنیا ئامانجی ئەوە نییە گیرەکەکان بەپێی بنەمای فۆنۆلۆژی پۆلێنبکات، بەپێی ئەم تیۆرە، یاسا فۆنۆلۆژییەکان، یاسا مۆرفۆلۆژییەکان شیدەکەنەوە (رفیعی، ۱۳۹۸: ۱٤۰).

## ۲-۲: مۆدێلی مۆرفۆلۆژیی لێکسیکیی کیپارسکی – (paul k. kiparsky 1982 B)

کاتێک بنکە (یەکە دانەڕێژراوە فەرهەنگییەکان) دەبنە کەرەستەیەکی مۆرفۆلۆژی، پێویستە بە ناو پرۆسە مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژییەکاندا تێبپەڕن، بۆئەوەی وشەیەکی فەرهەنگی پێکبهێنن. ئەم پرۆسە ڕۆنانیانە دەبنە ناسنامەی چینە فەرهەنگییەکان. دوای تەواوبونی پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان، ئەوکات یەکە فەرهەنگییەکان دەچنە ئاستی پاش فەرهەنگی، تا بەشداری لە یاساکانی ڕۆنانی فرێزدا بکەن (kiparsky, 1982 B: 3).

لێرەدا پرۆسە ڕێزمانییەکان (مۆرفۆلۆژی و سینتاکس) بەسەر دو ئاستی سەرەکیدا دابەشکراون، ئەوانیش: ئاستی فەرهەنگی (lexical) و ئاستی پاش فەرهەنگی (post-lexical)ین (ئاستی فەرهەنگی، ئاستی سەرەکیی تیۆرەکەیە) (Booij, 1994: 6). هەمو مۆدێلەکانی مۆرفۆلۆژیی فەرهەنگی، لەبارەی دابەشکردنی ئاستەکانی ڕۆنانی بەسەر دو چیندا، هاوڕان.[iv] پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان بەم شێوەیە ڕوندەکرێنەوە:




نەخشەی ژمارە (١)
پۆلێنکردنی پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان لە فەرهەنگدا بەپێی بۆچونی کیپارسکی- 1982 B

لەم مۆدێلەدا، بنکەکان (دەروازەی فەرهەنگی) بریتین لە ڕەگ و وشەکان. مەرجی گشتیی یاسا فەرهەنگییەکانیش لە پرۆسە ڕۆنانییەکاندا ئەوەیە، کە لەم چینەی فەرهەنگیدا، پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان بە پارزونگ(پاڵێوەر)ی پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان تێبپەڕن. دوای ئەوەی دەروازە فەرهەنگییەکان بەناو یاسا ڕۆنانییەکانی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژیدا تێپەڕین، ئەوا دەبنە یەکەیەکی نوێ.
دەتوانین گریمانەی شێوەی کارکردنی مۆرفۆلۆژیی فەرهەنگی، بەم شێوەیە پیشانبدەین:

## ٢-١-٢: گریمانەی گیرەکەکان

گیرەکەکان لە ڕۆنانی فەرهەنگیدا دەبنە سەرە؛ واتە کە یەکەیەکی دارێژراو پێکدەهێنن، ئەوا ئەو یەکە فەرهەنگییانە، واتاکەیان لەسەر بنەڕەتی واتایی بنکەکەوە دروستنابێت، بەڵکو لەسەر بنەڕەتی ئەو گیرەکانە دروستدەبێت، کە ڕۆڵیان لە ڕۆنانی یەکەکەدا هەیە؛ هەرچەندە گیرەکەکان هیچ تایبەتمەندییەکی وشەییان نییە، نە لەبنەڕەتدا، نە بەهۆی دارشتنەوە (kiparsky, 1982 A: 133-134).
گیرەکەکان بەپێی تایبەتمەندییەکانیان دیاردەکرێن (ارام، ١٣٨٩: ١٨٩)، (برندق، ١٩٩٤: ٢٧)، (katamba & Stonham, 2006: 104)؛ کە ئەمانەن:

- دیارکردنی پۆلی بنکەکە، کە بە پرۆسەکەدا تێدەپەڕێ.
- ئەو گیرەکەی کە بە بنکەکەوە دەلکێنرێ.
- زانیاری لەبارەی شوێنی ئەو بنکەیەی پێوەی دەلکرێن.

- دۆزینەوەی پۆلی ئەو وشەی بەرهەم هاتوە.
- دەستنیشانکردنی ئەو چینەی گیرەکەکەی تێدا دێت (لەگەڵ تایبەتمەندییە گشتییەکانی چینەکە).

بەم شێوەیە گیرەکەکان ڕۆڵیان لە پرۆسەکانی ڕۆناندا هەیە، لە دیارکردنی پۆلی بنکەکان کە دەشێت گۆڕانی واتایی بنکەکەی بەدواوە بێت، یان لایەنی ڕێزمانیی بنکەکە. ئەم پۆلانە ئەو دەستە گیرەکە دیاردەکەن کە دەتوانن وەریانبگرن و زانیارییەکانی بنکەکەیان ڕوندەکەوە، ئەو پۆلە وشەش دیاردەکەن، کە بەهۆی ئەو گیرەکانەوە بەرهەمدێن بەم شێوەیە بنکەکان دەتوانن دەستنیشانی ئەو چینە بکەن، کە پرۆسە ڕۆنانییەکەی تێدا ڕودەدات، هەروەها جێکەوتەی گیرەکەکانیش لەناو چینە فەرهەنگییەکاندا دیاردەکات.

چین بەندکردنی گیرەکەکان بەپێی توانای دروستکردن و دروستنەکردنی گۆڕانە فۆنۆلۆژییەکانە لە سەر بنکەکانیان. پەیوەندی بە هەڵسوکەوتی گیرەکەکانەوە هەیە لە سەر بنەمای هێزی کاریگەریان لە سەر بنکەکان. ئەمەش پەیوەندی بە سنوری هێزەوە هەیە. (Bauer, 2003: 174) ئەمانەش لە ڕوی ئەزمونییەوە، بە هۆی نیشانە جیاوازەکانیان لە ڕوی ڕەفتاری فۆنۆلۆژییەوە، کە لە مۆرفۆلۆژیدا دەنوێنن، لە یەکدی جیادەکرێنەوە. بەمپێیە، گیرەکەکان بەپێی ئەو جێکەوتەیەی لەناو پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکاندا هەیانە، دەبن بە دو جۆر لە فەرهەنگدا. (Anderson, 1995: 253) بەم شێوەیە:

## ٢-١-١-٢: گیرەکە لایەنگرەکان

هەندێك گیرەک، کە بە بنکەیەکەوە دەلکێن، کار لە بنکەکە دەکەن و گۆڕانی فۆنۆلۆژیی تێدا دروستدەکەن، بەمەش دەبنە گیرەکێکی ناسروشتی. دەشێت گۆڕانەکە، گۆڕانی جێکەوتەی هێزی سەرەکی (سەروسەگمێنتی) بێت، یانیش گۆڕانی سەگمێنتی بە سەر بنکەکاندا بهێنن.

ئەو گیرەکانەی کە بنکە دەگۆڕن، بە نیشانەی سنورداری (+ boundary) دیاردەکرێن؛ جێکەوتەی ئەم پرۆسانەش بە سنوری بێهێز (لاواز) دادەنرێن (Bauer, 2003: 174)؛ دەکەونە چینی یەکەمی فەرهەنگییەوە ( Katamba & Stonham, 2006: 89).

هەندێك شێوەی جیاوازی گیرەکە لایەنگرەکان لە زمانی کوردیدا ئەمانەن:

- هەندێکیان هێزی سەرەکی بۆ خۆیان ڕادەکێشن و گۆڕان لە شێوەی دەربڕینی بنکەدا دروستدەکەن؛ وەک ئەو گیرەکە دارێژانەی لەدوای بنکەوە دێن. بە نمونە: لە وشەی (مەرد)دا هێز دەکەوێتە سەر ڤاوڵی کورتی (ە)، بەڵام کاتێک گیرەکی دارێژی (-ایەتی) وەردەگرێت، ئەوا جێکەوتەی هێزەکە دەگۆڕێت و دەچێتە سەر بزوێنی (ی) کۆتایی وشەکە، بەم شێوەیە:

[[مˈەرد]$_{ADJ}$ ایەتی]$_N$ ← [مەردایەتˈی]$_N$

لێرەدا گۆڕانی جێکەوتەی هێزی بنکە، گیرەکی دارێژی (-ایەتی)ی کردوە بە گیرەکێکی لایەنگر، چونکە گۆڕانی سەروسەگمێنتی بەسەر بنکەکەدا هێناوە. بەمەش ئەم گیرەکە دەچێتە ناو ئەو دەستە گیرەکانەی، کە لە چینی یەکەمی فەرهەنگیدا دێن.

- هەندێکی دیکەشیان گۆڕانی سەگمێنتی بەسەر بنکەکەدا دەهێنن وەک:

[[ڕۆ]$_V$ ت]$_V$ ← [ڕˈۆیشت]$_V$

لێرەدا گیرەکەکە (-ت)، کاری لە بنکەکە کردوە و بەهۆیەوە چەند فۆنیمێک زیادبوە و بنکەکەی گۆڕیوە، لەمبارەدا ئەم گیرەکە دەبێتە لایەنگر و دەچێتە چینی یەکەمی فەرهەنگی. بڕوانە: (هاوکار عمر خضر، ٢٠١٩: ١٦٧-١٦٨) (سەعید کەرەمی، ١٣٩٦: ٩٩-١٠٠)

بەم شێوەیە ئەمانە دەبن بە گیرەکی لایەنگر، چونکە پرۆسە رۆنانییەکە بەپێی یاسا گشتییەکەی زمانەکە پێکناهێنێن، بەڵکو کاریگەرڕیی سەگمێنتی، یان سەروسەگمێنتی لەسەر بنکەکە دروستدەکەن، بۆیە دەچنە ریزی ئەو گیرەکانەی لە چینی یەکەمی فەرهەنگیدا دێن.

## ٢-٢-١-٢: گیرەکە بێلایەنەکان

ئەو گیرەکانەن، کە بە دەروازەیەکی فەرهەنگییەوە دەلکێن، هیچ کاریگەرییەکی فۆنۆلۆژی دروستناکەن و کار لە بنکەکە ناکەن، بە نیشانەی بێسنور (unboundary#) دیاردەکرێن؛ جێکەوتەی ئەم پرۆسانەش بە سنوری بەهێز دادەنرێت (Bauer, 2003: 174)، چونکە هێز بە بنکەکەیان نادەن و کارناکەنە سەر هێزی سەرەکیی بنکەکە و نایگۆڕن (مەحویی، ٢٠١٦: ٢٣٤). ئەم گیرەکانە دەکەونە چینی دوەمی فەرهەنگییەوە (Katamba & Stonham, 2006: 89).
بە نمونە: کاتێک گیرەکی (بە-) دەچێتە سەر ناوی (هێز)، بەم شێوەیە دەنوێنرێت:

- [بە[هـ'ێز]N ]ADJ

ئەم گیرەکە (بە-)، کاریگەرڕیی لەسەر بنکەکە نەبوە و گۆڕانی (سەگمێنتی، یان سەروسەگمێنتی)ی دروستنەکردوە، بۆیە دەچێتە ناو ئەو پۆلە گیرەکانەی لە چینی دوەمی فەرهەنگیدا دێن و گیرەکی بێلایەنن.
یاخود جێناوی کەسی یەکەمی کۆ لە دەستەی ڕێککەوتنی (ین)، کە دەچێتەسەر بنکەیەکی وەک (چو)، ئەوا هیچ گۆڕانێکی بەسەرداناهێنێت. بەم شێوەیە:

- [[چ'و]vین]v ← [چ'وین]v

لەم پرۆسەیەدا گیرەکەکە هێزبەر نییە و کاریگەرڕیی لەسەر بنکە نەبوە و گۆڕانی بەسەردا نەهێناوە، بۆیە دەبێتە گیرەکێکی بێلایەن؛ هەمو گیرەکە بێلایەنەکانیش لە چینی دوەمی فەرهەنگیدا دێن.
بەم شێوەیە گیرەکەکان دەبن بە دو پۆل: یەکێکیان ئەو گیرەکانەن، کە کاریگەرڕیی سەگمێنتی یان سەروسەگمێنتی لەسەر بنکەکانیان دروستدەکەن و دەبن بە گیرەکێکی لایەنگر (ناسروشتی). ئەوەی دیکەشیان ئەو گیرەکانەن، کە کاریگەری لەسەر بنکەکانیان دروستناکەن و دەبن بە گیرەکێکی بێلایەن (سروشتی).

## ٢-٢-٢: گریمانەی چینە فەرهەنگییەکان

فەرهەنگ دەستەیەک جێکەوتەی رۆنانییە، کە پێیاندەگوترێت چین (strata). لایەنێکی دیاری ئەم تیۆرە، گرنگیدانە بە پۆلێنی پرۆسەکان لە شوێنێک بە ناوی چینەکان. پرۆسە رۆنانییەکانیش لەرێی دەستەیەک یاسای فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی لەناو ئەو چینانەدا دەنوێنرێن (kiparsky, 1982 A: 131).
لە فەرهەنگدا هەر چینێک بە سەربەخۆیی کۆمەڵە پرۆسەیەک لەخۆدەگرێت، کە بەپێی نزیکیی تایبەتمەندییەکانی پرۆسە فۆنۆلۆژییە هاوبەشەکانی چینەکە دەبێت. ئەمەش تیۆرەکە زیاتر گشتگیر (universal) دەکات. (لە ئاستی فەرهەنگیدا، پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان بەپێی کاریگەرڕیی هێزی گیرەکەکان لەسەر بنکە، ڕیزدەکرێن، کە چەند چینێکن؛ ئەمەش شێوەیەکی گشتی بە تیۆرەکە دەدات، تا بۆ هەمو زمانەکان بگونجێت.) (Booij, 1994: 6). بەم پێیە، چینی فەرهەنگی لە کۆمەڵە پرۆسەیەکی سنوردار پێکدێت (Mohanan, 1982: 16).
وشەرۆنان چەند فۆرمێکی هەیە، لەم چینانەدا سنوری نێوان ئەو فۆرمە جیاوازانە دیارکراوە، کە بەپێی شێوەی دەرکەوتنیانە لەناو پرۆسە فۆنۆلۆژییەکانیاندا. ئەو کۆمەڵە یاسایانەی وەکیەکن، بەیەکەوە لە چینێکی فەرهەنگیدا پۆلدەکرێن. دەرکردەی هەر چینێکیش دەبێتە وشە و دەروازەیەکی فەرهەنگیی نوێ. هەرچەندە زمانەوانان لەسەر ژمارەی

ئەم چینانە هاوڕانین. بڕوانە: (Hall & Mohana, 1985)، (Kyparsky, 1982, A, B).... بەڵام کاتامبا و ستۆنهام لەو باوەڕەدان، ئەم شێوە چینچینکردنە، پرۆسە مۆرفۆلۆژییە فەرهەنگییەکان زۆر دروستتر (واقعیانەتر) دابەشدەکەن (Katamaba & Stonham, 2006: 90). بەپێی بۆچونی کیپارسکی- ١٩٨٣، پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان دەبن بە دو چین (kiparsky, 1982 B). لێرەدا ئەم مۆدێلە وەک بنەمایەکی تیۆری، بۆ ڕونکردنەوەی پرۆسەی داڕشتن و گەردانکردن لە زمانی کوردیدا، بەکاردەهێنرێت. دەتوانرێت پرۆسە ڕۆنانییەکان لە چینە فەرهەنگییەکاندا، بەم شێوەیە بخرێنەڕو:

## ٢-٢-٢-١: چینی یەکەمی فەرهەنگی

ئەم ئاستە تایبەتە بە پرۆسەکانی داڕشتن و گەردانی ناسروشتی (ڕیزپەڕ)، کە لەڕێی گیرەکە لایەنگرەکانەوە دروستدەبن. (ئەو پرۆسانەی لەم چینەدا دێن، کاریگەری لەسەر هێزی بنکەکان دروستدەکەن، وەک هەندێك گیرەکی داڕێژ و گەردانی، هەروەها پرۆسەکانی ئەبڵاوت (ablaut) و ئەملاوت (umlaut)یش دەگرێتەوە، یان هەر گۆڕانێکی دیکەی فۆنۆلۆژی، کە لە پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکاندا بەسەر بنکەکاندا بێت ) (kiparsky, 1982 A: 132).
دەتوانین ئەم پرۆسە ڕۆنانییانە بەم شێوەیە بخەینەڕو:

هەندێك گیرەکی لایەنگری وەک: (-ic, -ee, -(i)an, -th-)، لە زمانی ئینگلیزیدا دەکەونە ئەم چینە، بەم شێوەیە:

- [['Grammar] ian] → [gram'marian]

بەهەمان شێوە لە زمانی کوردیشدا، پاشگرە داڕێژەکانی وەک: (انە، انی، اوی، باز، بەند، چی، کە، ک، ە، ەک، ەکی، ۆک(ۆکە)، و، لە (ولە-یلە)، ڵە(ەڵە-ۆڵە)، ەڵ، ەر، کەڵە، یلکە، لەکە، لکە، چە(ەچە)، چکە (ۆچکە-چک)، دان، وانە(ەوانە)، ەوان، دار، ەتی(یەتی-ێتی)، ایەتی، گەر، ستان، ەمەنی، ەڵان، وەند، مەند، ەوەر، ەوار، ی، گە(گا)، گار، کار، یار، ن، ین، ێن، ێنە، ندە، خانە، زار، ار، ا، ناک، ەوە. ی، ەتی/یەتی، اتی، ایەتی، ایی، ەن، ێن، ێنە، ینە، کەڵی، اندن، ر) کە دەچنە سەر بنکە جیاوازەکانی وەک: (ناو، ئاوەڵناو، کار،...)، ئەوا دەبنە گیرەکێکی لایەنگر. بەم شێوەیە:

- [[ک'چ]Nانی]ADJ ← [کچا'نی]ADJ
- [[ک'یژ]Nۆڵە]N ← [کیژۆ'ڵە]N
- [[ب'ەرد]Nەڵان]N ← [بەردە'ڵان]N
- [[د'ید]Nگا]N ← [دیدگ'ا]N
- [[ت'وک]N ن]ADJ ← [توک'ن]ADJ
- [[گ'وڵ]N زار]N ← [گوڵز'ار]N
- [[خ'ەم]N ناک]ADJ ← [خەمن'اک]ADJ
- [[س'پی]ADJ کار]N ← [سپیک'ار]N
- [[بار'یک]ADJ ەڵە]ADJ ← [باریکە'ڵە]ADJ
- [[پ'ەرست]Vگا]N ← [پەرستگ'ا]N
- [[خواز]Vیار]ADJ ← [خوازی'ار]ADJ
- [[ه'ات]Vن]N ← [هات'ن]N

هەریەک لەم گیرەکانە، کە دەچنەسەر بنکەیەک، وشەیەکی نوێ سازدەکەن، دەشێت وشە نوێیەکەش کاتیگۆرییە فەرهەنگییەکەی جیاواز بێت. سەرەنجام ئەمانە دەبن بە گیرەکی لایەنگر و کار لە بنکەکانیان دەکەن و جێکەوتەی هێزی سەرەکیی وشەکە دەگۆڕن. ئەم پڕۆسەیەش لە مۆرفۆلۆژیی فەرهەنگیدا، دەکەوێتە چینی سەرەتا (یەکەم)ی ڕۆنانی.

جگە لەمانە، ئەوا لە زمانی کوردیدا پڕۆسە گەردانییەکانیش لەم چینەدا دەبینرێن، وەک لە پاشگرەکانی (تر، ترین، هەم، هەمین)، کە دەچنەسەر (ئاوەڵناو)ێك. بەم شێوەیە:

– [[جو'ان]ADJ ترین]ADJ ← [جوانتر'ین]ADJ
– [[ی'ەک]ADJهەم]ADJ ← [یەکەهە'م]/ [یەکە'م]ADJ

لێرەدا هەریەک لەم گیرەکانەی سەرەوە، کاردەکەنە سەر بنکەکەکان و جێکەوتەی هێزی سەرەکیی وشەکە دەگۆڕن، هەربۆیەش لە چینی یەکەمی فەرهەنگیدا دێن.

کەواتە: لە زمانی کوردیدا هەندێك گیرەک دەچنە دوای بنکەیەک و هێزی سەرەکیی وشەکە بۆ خۆیان ڕادەکێشن، بەمەش جێکەوتەی هێزی وشە نادەکە دەکەوێتەسەر دوا گیرەک، گرنگیش نییە ژمارەی گیرەکەکان هەرچەندێك بێت (بڕوانە: Fattah, 1997: 5). بەم شێوەیە، لە زمانی کوردیدا وشەی فەرهەنگیی سادە و ناسادە، هێز کۆتایین (مەحویی، ٢٠١٦: ١٥٦). کەواتە: لە زمانی کوردیدا هەمیشە هێز دەکەوێتەسەر دوا ڤاوڵی بڕگەی کۆتایی وشەکان (سادە و ناسادە).

هەندێجار لە ئەنجامی پڕۆسەکانی گیرەکلکاندن، جێکەوتەی هێز ناگۆڕێت، بەڵام ڤاوڵی ناوەوەی وشەکە دەگۆڕێت. بە نمونە لە زمانی ئینگلیزیدا، کە وشەی (Long) پاشگری (th)ی دەچێتەسەر، ئەوا ڤاوڵی (o)ی وشەکە دەبێتە (e). بەم شێوەیە:

– [[Long]ADJth ]N → [length]N

ئەم پڕۆسە مۆرفۆلۆژییەش هەر لە چینی یەکەمی گیرەکلکاندندا ڕۆدەنرێت؛ چونکە ئەم شێوە گۆڕانە فۆنۆلۆژییە، هەر بە کاریگەریی گیرەکەکە دروستدەبێت. کەواتە: پڕۆسەی گۆڕانی بنکەکان، تەنیا گۆڕانی جێکەوتەی هێز نییە، بەڵکو بە گۆڕانی ڤاوڵی بنکەش ڕوودەدات، ئەم گۆڕانانە لە زمانی ئینگلیزیدا بە پڕۆسەکانی (Ablaut) و (Umlaut) ناسراون.

کردەی (Ablaut)، بریتییە لە پڕۆسەی گۆڕانی ڤاوڵی بنکە، کاتێک ئەرکی ڕێزمانیی وشەکە دەگۆڕێت. بە نمونە، کە وشەی (ride)، لە ڕانەبردووەوە دەکرێت بە ڕابردو، ئەوا فۆرمی وشەکە دەگۆڕێت بۆ (Rode). بەم پێیە، گۆڕانی مۆرفۆلۆژی گۆڕانی فۆنۆلۆژی بە دوای خۆیدا دەهێنێ. ئەم پڕۆسە مۆرفۆلۆژییانەش لە ڕێگەی پڕۆسەکانی ئەبلاوت و ئەملاوتەوە ڕوودەدەن.

ئەمە پڕۆسەیە لە زمانی کوردیشدا هەیە، وەک لە پڕۆسەی گەردانکردنی لەڕانەبردو بۆ ڕابردو، بەم شێوەیە:

– [چان] ← [چێن]
– [ژمار] ← [ژمێر]
– [نوان] ← [نوێن]

بەشێوەیەکی گشتی، گەردانکردن کات لەڕێی لکاندنی گیرەکەکانی کاتەوە دەبێ لە کۆتایی کارەکە دەکرێت، بەڵام لە هەندێك باردا، بەشێوەیەکی جیاواز لەڕێی تایبەتمەندیی ڤاوڵگۆڕیی (ا) ← (ی) دەبێت لە ناوەڕاستی وشەکە. ئەم پڕۆسانەش بەپێی شێوەی گۆڕانەکەیان بە (Ablaut) ناسراون، کە لە چینی یەکەمی فەرهەنگیدا ڕوودەدەن.

لەگەڵ ئەوەشدا، کاتێک باس لە گۆڕانی ڤاوڵی بنکە دەکرێت، ئەوا بە یەک شێوە نییە. هەندێك گۆڕانی بنکە، بنەمایەکی مێژوویيان هەیە، کە بە (Umlaut) ناسراوە. جیاوازیی گۆڕانی ڤاوڵەکان لە هەردو پڕۆسەی (Ablaut) و (Umlaut)دا ئەوەیە، کە لە ئەبلاوتدا ڤاوڵی بنکەکە لە ئەنجامی پڕۆسەیەکی مۆرفۆلۆژی دەگۆڕێت، بەڵام لە ئوملاتدا، گۆڕانەکە بنەمایەکی مێژوویی هەیە. بە نمونە، ئەمە لە هەندێك ناوی زمانی ئینگلیزیدا دەبینرێت، کاتێك لە ناوی تاکەوە بۆ کۆ دەگۆڕدرێن، وەک لە:

– Tooth → teeth

دەشێت لە زمانی کوردیشدا ئەم پرۆسەیە هەبێت، وەک لە:

- بزاوتن ← بزوتن

ئەم پرۆسانە تەواو چەسپاون، شێوەی گۆڕانەکانیان پێشبینیکراوە، ژمارەی وشەکان سنوردارن، فۆرمێکی بێبەرهەمە و هیچ وشەیەکی دیکەیان لە زماندا بۆ زیادنابێت. (Katamaba & Stonham, 2006: 100-103) لەبەرئەوەی ئەو پرۆسانە لە چەند وشەیەکدا دوبارەدەبنەوە، بۆیە پرۆسەیەکی تەواو جیاوازن؛ گۆڕانەکانیان لە مۆرفۆلۆژیدا بنەمایەکی مێژویی دیارکراویان هەیە، چۆنیەتیی دروستبونیان ڕونن، ئەمانەش نمونەیان زۆرە لە زمانی کوردیدا. بڕوانە (سەعید کەرەمی، ١٣٩٦: ٩٩)

## ٢-٢-٢-٢: چینی دوەمی فەرهەنگی

جێکەوتەی پرۆسەکانی دارشتن و گەردانکردنی ئەم چینە سروشتین، کە لە ڕۆناندا بە سنوری بەهێزیش دەناسرێت، لێرەدا پرۆسەکان یاسامەندانە ڕودەدەن (Katamaba & Stonham, 2006: 104-105). وەک: گیرەکە دارێژەکانی (-less, -ness, -ly) لە زمانی ئینگلیزیدا، بەم شێوەیە:

- [['abstract] ness] → ['abstractness]

ئەم گیرەکانە هیچ کاریگەرییەک لەسەر بنکەکان دروستناکەن و گۆڕانی بەسەرداناهێنن. لە زمانی کوردیدا لە گیرەکە دارێژەکانی وەک: (بێ، بە، هاو. نە، نا. هەل، ڕا، دا، ڕو، وەر، دەر، پێ، تێ، لێ)دا دەبینرێت؛ کە دەچنە سەر بنکەکانی (ناو، ئاوەڵناو، کار،...)، کاتیگۆرییەکی جیاواز ڕۆدەنێن. بەم شێوەیە:

- [بێ [کا'ار]N ]ADJ ← [بێکا'ار]ADJ
- [بە [ت'ام]N ]ADJ ← [بەت'ام]ADJ
- [نە [شی'او]ADJ ]ADJ ← [نەشی'او]ADJ
- [نا [پ'اک]ADJ ]ADJ ← [ناپ'اک]ADJ
- [هەڵ [گ'رت]V ]V ← [هەڵگ'رت]V
- [دا [ک'ەوت]V ]V ← [داک'ەوت]V

لەبەرئەوەی ئەم گیرەکانە ناکاریگەرن و بنکەکەکان نەگۆڕیون، بۆیە لە چینی دوەمی فەرهەنگیدا دێن. هەروەها هەندێك پرۆسەی گەردانکردنیش لەم چینەدا ڕۆدەنرێن. وەك:

[[boy]N s]N [['boy]Ns]N → ['boys]N

لە زمانی ئینگلیزیدا پرۆسەی کۆکردنەوە بەزیادکردنی گیرەکی (s) دەکرێت، وشەی (boy)، کە نیشانەی (s)ی کۆی بۆ زیاددەکرێت، ئەوا دەبێتە (boys)، ئەمەش بەپێی یاسای گشتیی ڕۆنانییە و هیچ کاریگەرییەکی لەسەر بنکەکە دروستنەکردوە، بۆیەش دەکەوێتە چینی دوەمی فەرهەنگی.

بەهەمان شێوە، لە پرۆسە گەردانییەکانی زمانی کوردیشدا ئەم کردەیە هەیە، وەک لە پاشگرەکانی (ا، د، ت، و، ی، ێ، ە، (م، ین، ی، ن، سفر، ن)، وە، بو، ێن، اند، با، ایە، ەوە)، کاتێک دەچنە سەر کاتیگۆریی (کار)، بە نمونە:

- [[سوت]V ا]V ← [س'وتا]V
- [[نوس]V ت]V ← [ن'وست]V
- [[ه'ێنا]V بو]V ← [ه'ێنابو]V

- [[خ'ەوت]V اند]V ← [خ'ەواند]V
- [[ن'وست]V ەوە]V ← [ن'وستەوە]V

بەم شێوەیە هەمو پرۆسەکانی گیرەلکاندن لە داڕشتن و گەردانکردندا، کە بەشێوەیەکی یاسامەند ڕودەدەن، بنەکان ناگۆڕن و لەم چینەی فەرهەنگیدا ڕۆدەنرێن. کەواتە: چینی دوەمی فەرهەنگی، جێکەوتەی کردەکانی ڕۆنانی وشەیەکە، کە بەشێوەیەکی باو و بەپێی یاسا گشتییەکان ڕودەدەن و گۆڕانی سەگمێنتی و سەروسەگمێنتی بەسەر بنەکانیاندا ناهێنن. هەرچی چینی پاش فەرهەنگییە، بەشێوەیەکی سیستەماتیک کاردەکات و پەیوەندیی نێوان وشەکان دەخاتەڕو، کە جێکەوتەی یاساکانی فرێزڕۆنانە. ئەم چینەیان هیچ کاتێک بە ڕۆنانی ناوەوەی وشە پەیوەست نییە، چونکە لەم ئاستەدا وشە دەبێتە یەک پارچە و مامەڵەیەکی یەکگرتوانە دەکات. (Giegerich, 1999: 3)

## ٢-٣: گریمانەی ڕیزبەندیی گیرەکان

گریمانەی ئەوە دەکرێت، پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان ڕیزبەندن. بەشێوەیەک، کە پرۆسەکانی ڕۆنانی سنوری بێهێز، پێش پرۆسەکانی ڕۆنانی سنوری بەهێز دێن. ڕیزبونی گیرەکەکان لەم تیۆرەدا شێوەیەکی چەسپاویان هەیە ( kiparsky, 1982 B). کەواتە: یاسا ڕۆنانییە نایاسامەندەکان پێش یاسا ڕۆنانییە گشتییەکان (یاسامەندەکان) دێن.

بەم شێوەیە، شێوەی هەرەمیی چینە فەرهەنگییەکان، کاریگەرییان لەسەر ڕیزبونی کەرەستەکان لەناو پۆلە فەرهەنگییەکاندا هەیە. بەجۆرێک، کە بەپێی دوری و نزیکیی گیرەکەکان لە بنەکەوە، سەرەتا گیرەکەکانی (چینی یەکەم) دێن، دواتر گیرەکەکانی (چینی دوەم)، هەروەها گیرەکە دارێژەکان، پێش گیرەکە گەردانییە یاسامەندەکان، لە پێش و دوای بنەکەوە جێدەگرن (Booij, 1994: 2). هەرچی نوسەکەکانن، ئەوا لە ئاستی پاش فەرهەنگیدا دێن.

ئەگەر بنەکە بە دەروازەیەکی فەرهەنگی دابنێین، ئەوا پێشگر و پاشگری سەرەتا (نزیکی بنەکە)، دەبێتە جێکەوتەی (گیرەکە لایەنگر)ەکان و بە چینی یەکەم دادەنرێت، کە بەشێوەیەکی ناسروشتی پێکدێن (kiparsky, 1982 A: 6) دوای گیرەکە لایەنگرەکان، ئینجا گیرەکە بێلایەنەکان دێن، کە جێکەوتەیان لە چینی دوەمی فەرهەنگیدایە، سنوری دەرکەوتنی یاساکانی ئەم چینەش، پرۆسە یاسامەندەکانن، کە لە مۆرفۆلۆژی فەرهەنگیدا بەشێوەیەکی سروشتی دروستدەبن. بە نمونە:

[['grammar]N ian]N → [gram'marian] N

[[gram'marian]N ism]N → [gram'marianism] N

لە وشەی(grammarianism)دا دیارە، کە چۆن سەرەتا گیرەکی یەکەم (ian-) دێت و دەکەوێتە چینی یەکەمی پرۆسە ڕۆنانییەکان، چونکە گیرەکێکی لایەنگرە و جێکەوتەی هێزی وشەکە دەگۆڕێت. ئینجا گیرەکی دوەم (ism-) دێت، کە دەکەوێتە چینی دوەم و گیرەکێکی بێلایەنە و کاریگەریی فۆنۆلۆژی لەسەر بنەکە (grammarian) دروستناکات (Katamba & Stonham, 2006: 93)، بەم شێوەیە بەدواییەکدا دێن.

لە زمانی کوردیدا دەتوانین لە وشەکانی وەک(تێبینەر) ڕونبکرێتەوە:

[[بین]Vەر]N ← [بین'ەر]N

[تێ [بین'ەر]N ]N ← [تێبین'ەر]N

بەم شێوەیە سەرەتا گیرەکی (ەر) وەک گیرەکێکی لایەنگر لە چینی یەکەم وەردەگرێ، ئینجا گیرەکی (تێ) دەچێتە سەر لە چینی دوەم چونکە گیرەکێکی بێلایەنە. دەتوانین ڕیزبونی پرۆسەکانی وشەڕۆنان زیاتر ڕونبکەینەوە. بڕوانە ( Katamaba & Stonham, 2006: 91-93):

| | |
|---|---|
| .a | [بنکە] |
| .b | [گیرەکی چینی یەکەم [بنکە] گیرەکی چینی یەکەم] |
| .c | [گیرەکی چینی دوەم [گیرەکی چینی یەکەم [بنکە] گیرەکی چینی یەکەم] گیرەکی چینی دوەم] |

نەخشەی ژمارە (٢)

لە ڕیزبونی چینەکان بەپێی ئەم مۆدێلە، هەروەک لە نەخشەکەدا دیارە، ناتوانرێت چینی دوەم لەپێش چینی یەکەم بێت، چونکەیەکەیەکی نادروست سازدەبێت. ئەم کردەیەش بەڕونی لە بنەمای کارەکەی کیپارسکیدا ڕونکراوەتەوە. (kiparsky, 1982 B:3) (Katamaba & Stonham, 2006: 93-94) ناتوانین گیرەکان بەپێچەوانەوە ڕیزبکەین و نمونەی بۆ بهێنینەوە، ئەم بۆچونەش پێی دەگوترێت ڕیزبونی گشتیی گیرەکەکان (Anderson, 1995: 253).

## ئەنجام

- گیرەکەکانی زمانی کوردی (بە دارێژ و گەردانییەکانییەوە)، بەسەر دو جۆردا دابەش دەبن، ئەوانیش گیرەکی (لایەنگر) و (بێلایەن)ن.
- ئەو گیرەکانەی زمانی کوردی کە گۆڕانی فۆنۆلۆژیی (سەگمێنتی) و (سەروسەگمێنتی) بەسەر بنکەکاندا دەهێنن، دەکەونە چینی یەکەمەوە.
- گۆڕانی دەنگی ڤاوڵی بنکە، (وەک گۆڕانی دەنگی ڤاوڵی (ا) بۆ (ی) لە کاتی گۆڕینی تێنەپەڕ بۆ تێپەڕ)، لە چینی یەکەمی فەرهەنگیدا ڕودەدات.
- گۆڕانە سەروسەگمێنتییەکانی بنکە بەم شێوەیە ڕودەدەن:

ا: پێشگرە دارێژەکانی (ناو، ئاوەڵناو، کار)، گیرەکی بێلایەنن و کاریگەری لەسەر بنکە دروستناکەن، بۆیە لە چینی دوەمی فەرهەنگیدا دێن.

ب: پاشگرە دارێژەکانی (ناو، ئاوەڵناو)، کاریگەری لەسەر بنکە دروستدەکەن و لە چینی یەکەمی فەرهەنگیدا دێن.

پ: پاشگرە گەردانییەکانی کار، کاریگەری لەسەر بنکە دروستناکەن و لە چینی دوەمی فەرهەنگیدا دێن.

جێکەوتەی گیرەکەکان جیاوازە لە نوسەکەکان. جێکەوتەی پرۆسەی گیرەکلکاندن لەناو چینی فەرهەنگیدایە، بەڵام نوسەکەکان دەکەونە چینی پاش فەرهەنگی و کاریگەرییەکانیان دەکەوێتە دەرەوەی مۆرفۆلۆژییەوە.

## سەرچاوەکان


ئەمین، وریا عمر (٢٠٠٩) *ئاسۆیەکی تری زمانەوانی*، چاپی دوەم.

حسین، شمال زکی (٢٠٢٣) ڕیزبونی مۆرفیمە بەندەکان لە زمانی کوردیدا، فاکەڵتی پەروەردە زانکۆی سۆران.

ڕەسوڵ، عەبدوڵلا حوسێن (٢٠١٤) *مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی کار*، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

ڕەسول، حوسێن و عەزیز، ڕێژنە ئیسماعیل (١٣٩٨) *کێشەی مۆرفیم پۆلێنکردن*، پژوهشنامەی ادبیات کردی، ساڵ پنجم، شمارە (٧). بهاروتابستان.

شوانی، رفیق (٢٠١١) وشەسازی زمانی کوردی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

عەلی، شێرزاد سەبری و عەبدواللا، عەبدولسلام نەجمەدین (٢٠١٩) فۆنۆلۆجی دەزگای ناڵبەند چاپی یەکەم، چاپخانەی هیڤی، هەولێر.

عارف، مەسعود ئیساعیل (٢٠٢٢) نوسەک لە زمانی کوردیدا نامەی ماستەر بەشی کوردی فاکەڵتیی پەروەردە زانکۆی سۆران.

غەریب، دڵشاد محەمەد (٢٠١٩) هێز و ئەکسێنت لە شێوەزاری کەرکوکدا، نامەیەکی دکتۆرایە لەبەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

فەتاح، محەمەد مەعروف و قادر، ســەباح رەشــید (٢٠٠٦) چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، دەزگای بڵاوکەرەوە بەشی ڕوناکبیری، چاپخانەی ڕون، سلێمانی.

کەرەمی، سەعید (١٣٩٦) □□□□□□□ □□□□□ □□□□ □□□□□، انتشارات کردستان زانستگای کوردستان.

مەحویی، محەمەدی (٢٠١٦) مەنامە بەســتانداردکردنی زمانی کوردیی دروســتنوســیین دەروازەی یەکەم، چاپخانەی ئەندێشــە، چاپی یەکەم.

محمد، حاتم ولیا (٢٠١٩) □□□□□□□□□□ چاپی یەکەم.

هاوکار عمر خضر (٢٠١٩) یاسا مۆرفۆنۆلۆژییەکانی گۆڕانی ڕەگی داهاتو بۆ ڕابردو، گۆڤاری توێژەر، بەرگی (٢) ژمارە (٣) هاوینی (٢٠١٩) ل: ١٥٧-١٨٦.

ارام، یوسـف (١٣٨٩) ببرسی فرایند اشـتقاق در زبان ترکی اذرباجانی، مجله پژوهش علوم انسـانی، سـال نهم، ژماره ٢٤، پائیز و زمسـاتن ١٣٨٧.

برندق، مهدی عیدی (١٩٩٤) بررسی لایەها و ســـطوح وندها در زبان ترکی اذربایجانی بر پایەی نظریەی کیپارســـکی، پایان نامه برای دریافت درجه کارشــناسی ارشــد ر رشــتەی زبان زشــناسی گرایش همگانی، دانشــکدەی ادبیات و زبانهای خارجی گروه اموزشی اموزش زبان انگلیسی. دانشگاه متحقق اردبیلی.

رفیعی، عادل (١٣٩٨) (نظریه صرف واژگانی در بوته نقد) در واژه و واژه زیندەگی: جنشـــن نامه دکتر ویدا شـــقاقی/ به اهتمام شـــهرام مدرس خیابانیم فریبا قطره، نشر نویسه پارسی، نوبت چاپ اول، چاپ و صحفی روز.

Affix Definition & Meaning - Merriam-Webster.25/9/2023.

Anserson, Stephen R. (1995) A-MORPHOUS MORPHOLOGY, CAMBRIDGE university press.

Aronoff, M. (1976) Word Formation in Generative Grammar, Cambridge: MIT Press

Bauer, Laurie (2003) Introducing Linguistics Morphology, 2nd ed. George Town University Press. Washington, DC.

Bonami, Olivier, Gilles Boyé, Georgette Dal, Hélène Giraudo & Fiammetta Namer (eds.). (2018) The lexeme in descriptive and theoretical morphology, Language Science Press, Berlin.

Booij (1994) review: https://www.academia.edu/12336379/Lexical_phonology_a_review

Crystal, David (2008) A Dictionary of Linguistics and Phonetics, Sixth Edition, Blackwell Publishing.

Delahunty & Garvey (2010) The English Language from Sound to Sense, The WAC Clearinghouse wac.colostate.edu Fort Collins, Colorado.

Fattah, Muhammad Maruf (1997) A Generative Grammar of Kurdish, desertion of doctor, university of Amsterdam.

Giegerich, Heinz J. (1999) Lexical strata in English, First published, Printed in the United Kingdom at the University Press, Cambridge.

Halle M. & Mohanan K. P. (1985). Segmental Phonology of Modern English, MIT Press.

Haspelmath, Martin & Sims, Andrea D. (2010) Understanding Morphology, second edition, Hodder Education.

Jensen, John T. (1985) A Lexical Theory of Morphology, Source: Acta Linguistica Academiae Scientiarum Hungaricae, 1985, Vol. 35, No. 1/2 (1985), pp. 71-83 Published by: Akadémiai Kiadó Stable URL: https://www.jstor.org/stable/44310547

Katamba, francis & Stonham, John (2006) Morphology, Second edition, palgrave macmillan

Kiparsky, paul (1982 A) word-formation and The Lexicon. https://kuscholarworks.ku.edu/bitstream/handle/1808/20827/MALC_1982_3-29_Kiparsky.pdf?sequence=1 P: 3-28

Kiparsky, paul (1982 B) Lexical Morphology and phonology, The linguistics Society of korea, Linguistics, Hanshin Publishing Company, Seoul korea.

McMahon, April. (2000) Lexical Phonology and the History of English. Cambridge University Press. UK.

Mohanan, K. P. (1982) Lexical Phonology, Doctoral dissertation, Massachusetts Institute of Technology, Cambridge.

---

[i] . بڕوانە؛ شوانی، ڕەفیق (٢٠١١) لاپەڕە (٧٢)، ڕەسوڵ، عەبدوڵڵا حوسێن (٢٠١٤) لاپەڕە (٧٢-٧٣)، کەرەمی، سەعید (١٣٩٦) لاپەڕە(٥٩)، محمد، حاتم ولیا (٢٠١٩) لاپەڕە (٧٣)....

[ii] . پێویستە گیرەک و نوسەکەکان لێک جیابکرێنەوە، چونکە بەپێی ئەم تیۆرە جێکەوتەی ڕۆنانی جیاوازیان هەیە و جێکەوتەی هەریەکێکیان لە چینێکی جیاوازدایە. لێرەدا بۆ جیاکردنەوەی نوسەکەکان لە گیرەکەکان لە زمانی کوردیدا بڕوانە؛ (عارف، مەسعود ئیسماعیل، ٢٠٢٢)

[iii] . بیرۆکەی پرۆسەکانی وشەڕۆنان لە ناو فەرهەنگدا لە سەرەتادا بۆ چۆمسکی (١٩٧٠) دەگەڕێتەوە، کە لە ( Remarks on Nominalization) خستەڕو. (Bonami, 2018:3)

[iv] . بڕوانە؛ کیپارسکی لە مۆدێلی یەکەم سەرەتا لە نەخشەکاندا چینی فەرهەنگی و پاش فەرهەنگی دیارکردوە، بەڵام لەم نەخشەیەدا کە لە مۆدێلی دواتر خستویەتیەڕو، بە پێویستی نەزانوە و دوبارەی نەکردۆتەوە، بۆیە لەم نەخشەیەدا ئەم دو چینە دیارنەکراوە. ( kiparsky,1982 A & B) و (Halle & Mohanan, 1985) (Mohanan, 1982)....